حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

RPPI

# ڕاپۆرتی سالانەی ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی و شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021






بەشی ژمارەی پێوانەیی
کانونی یەکەم 2024

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلاندانان

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# ڕاپۆرتی ساڵانەی ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی و شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021

بەشی ژمارەی پێوانەیی

کانونی یەکەم 2024

**©کانونی یەکەم 2024**
**مافی بڵاوکردنەوە پارێزراوە**
**لە کاتی وەرگرتنی زانیاری لەم ڕاپۆرتەدا، سوود لە سەرچاوەی خوارەوە وەربگرە**
**دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2024، بەشی ژمارەی پێوانەیی,**
***ڕاپۆرتی ساڵانەی ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی و شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021***
***بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە:***
**ئیمەیڵ:contact@krso.gov.krd**
**ماڵپەڕی ئەلەکترۆنی: www.k r s o.g o v .k r d**
**ژمارەی مۆبایل: 0750 896 3143**
**فەیسبووک:** https://www.facebook.com/krso.gov.krd

**زنجیرە: 107**

## پێش ووتار

دەستەی ئاماری هەرێم هەمیشە لە هەوڵدایە داتای ئاماری جۆراوجۆر لە بواری کۆمەڵایەتی, ئابووری و دیمۆگرافی بۆ بڕیاردەران و سیاسەتوانان و توێژەران دابین بکات و بەردەوام کاردەکات بۆ بەرەوپێشبردنی لێهاتوویی تەکنیکی و تواناکانی بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە.

بەهۆی نەبوونی داتای پەیوەست بە ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی و شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان، دەستەی ئاماری هەرێم ئەم ڕووپێوەی ئەنجامدا بەمەبەستی فەراهەمکردنی ئەم داتایە. ڕووپێوەکە بە سێ قۆناغ بە شێوەی نیوەی ساڵ جێبەجێ کرا لە نیوەی دووەمی ساڵی 2020، نیوەی یەکەم و دووەمی ساڵی 2021. دەرەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە یارمەتیدەرن لە بڕیاردانی دروست لە لایەن بڕیاردەرانەوە.

ئەم ڕووپێوە کە بۆ یەکەمجارە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێ، دەبێتە پێشەنگی ئەو وڵاتە عەرەبیانەی کە دوای تونس و سعودیە ئەم ڕووپێوەیان ئەنجام داوە. ئەم ڕووپێوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان, ناوەندی پارێزگاکان و قەزاکان ئەنجامدراوە لەڕێگەی سەردانی مەیدانی تەنها بۆ شوێنی نیشتەجێبوون. بەهۆی جیاوازی نرخەکانەوە, ناوچەی نیشتەجێبوون دابەشکرابوون بەسەر سێ ئاستی ژیاندا: بەرز، مامناوەند و نزم.

هیوادارین دەستپێکردنی جێبەجێکردنی ئەم ڕووپێوە, لە هەرێمی کوردستان یارمەتیدەر بێ بۆ دەڵەمەندکردنی بناغەی ئامار و دابینکردنی نیشاندەر بۆ سوودمەندان چ لە لە دامودەزگا حکومەتیەکان یان لە کەرتی تایبەت.

**سیروان محەممەد محیەددین**
**سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم**

ناوەڕۆك

پێش ووتار ........ I
لیستی خشتەکان ........ III
لیستی وێنەکان ........ IV
سوپاس و پێزانین ........ 1
تیمی کار ........ 2
پێشەکی ........ 4
ئامانجی ڕووپێو ........ 5
سەرچاوەی داتا ........ 6
چەمك و پێناسەکان ........ 7
هەژمارکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە ........ 8
پۆلێنی ئاماری ........ 8
کێشکردن (گرنگی ڕێژەیی) ........ 9
پوششی ڕووپێو ........ 9
دەرەنجامەکان ........ 11

# لیستی خشتەکان

خشتەی 1: ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 بە پێی ساڵی پایە لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق ............ 13
خشتەی 2: ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بە پێی ساڵی پایە لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق ............ 13
خشتەی 3: ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بە پێی ساڵی پایە لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق ............ 14
خشتەی 4: ژمارەی پێوانەیی نرخی کەرتی نیشتەجێبوون بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 بە پێی ساڵی پایە لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق ............ 17
خشتەی 5: ژمارەی پێوانەیی نرخی کەرتی نیشتەجێبوون بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بە پێی ساڵی پایە لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق ............ 17
خشتەی 6: ژمارەی پێوانەیی نرخی کەرتی نیشتەجێبوون بۆ ساڵی 2021 بە پێی ساڵی پایە لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق ............ 18
خشتەی 7: ژمارەی پێوانەی نرخی زەوی لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەپێی پارێزگاکان ............ 21
خشتەی 8: ژمارەی پێوانەی نرخی زەوی لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021 لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەپێی پارێزگاکان ............ 21
خشتەی 9: ژمارەی پێوانەیی ساڵانەی نرخی زەوی لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ ساڵی 2021 لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەپێی پارێزگاکان ............ 22
خشتەی 10: ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەپێی پارێزگاکان ............ 25
خشتەی 11: ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021 لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەپێی پارێزگاکان ............ 25
خشتەی 12: ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە ساڵی 2021 بە پێی بنەمای جۆڵاو ............ 26

## لیستی وێنەکان


هێلکاری 1: ئاراستەی ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە ساڵی پایە ......................11
هێلکاری 2: ئاراستەی ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە ساڵی پایە...15
هێلکاری 3: ئاراستەی ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای جۆڵاو .............................19
هێلکاری 4: ئاراستەی ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای جۆڵاو...........23

## سوپاس و پێزانین

بە پێویست دەزانین سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ ئەو لایان و کەسانە دەرببڕین کە بەشداربوون لە سەرخستنی ئەم ڕووپێوە لە هەموو قۆناغەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، خشتە دانان، شیکردنەوە، و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و بڵاوکردنەوە, چ لە فەرمانبەرانی دەستەی ئاماری هەرێم و چ لە بەڕێوبەرایەتییەکانی ئامار لە پارێزگاکان. هەروەها سوپاسی دەزگای ناوەندی ئامار دەکەین بۆ هاوکاریکردنیان لە تەواوکردنی ئەم کارە.

## تیمی کار

**لیژنەی باڵا :**

- سیروان محەممەد محیەددین/ سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم
- سامان عززەددین رەشید / بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای هەولێر
- شوان جەببار فەتاح / بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای سلێمانی
- چیاڤان عەبدلرەززاق سلێمان / بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای دهۆك
- شەهلا هانی عەلی / سەرپەرشتیاری ڕووپێو / دەستەی ئامارە هەرێم

**لیژنەی تەکنیکی و سەرپەرشتیکردنی ڕووپێو:**

- شەهلا هانی عەلی/ سەرپەرشتیاری ناوەندی/ دەستەی ئامارە هەرێم

**شیکردنەوە و ئامادەکردنی ڕاپۆرت:**

- شەهلا هانی عەلی/ دەستەی ئامارە هەرێم

**لیژنەی وردبینی و بڵاوکردنەوە:**

- هەدار حسو میرخان/ دەستەی ئامارە هەرێم
- جێگر جەبەلی فەقێ یەزدین / دەستەی ئامارە هەرێم
- سعاد بەکر فەقێ/ دەستەی ئامارە هەرێم

**لیژنەی نەخشەسازی :**

- پۆشان فارۆق محەمەد/ دەستەی ئامارە هەرێم
- ئاڵا تەیب/ دەستەی ئامارە هەرێم

**تیمی مەیدانی**

**بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر:**

- دلزار عارف جرجیس
- ئەحمەد بارزان جەلال

- ڕزگار عارف جرجیس
- رەشا قەیس محەممەد

**بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگاسلێمانی:**

- ستار محەممەد ئولقادر
- چینەر فازل توفیق
- زانا جەزا سەعید
- حەیدەر ڕەسول محەممەد
- شەمال ڕەئوف محەممەد

**بەڕێوەبەرایەتی ئاماری دهۆك**

- پەیمان ڕەسول عەبدوڵلا
- ئازاد حەسەن جاسم
- کوڤان جەمال زبێر
- محەممەد تەیب قاسم

## پێشەکی

خانووبەرە وەکو گەورەترین وەبەرهێنانی سەرمایەی خێزان و بوونی پەیوەندییەکی نزیک بە کەرتەکانی تری ئابوورییەوە ، ڕۆڵێکی گرنگی لە ئابووریدا هەیە. گۆڕانکاری لە نرخی خانووبەرەدا کاریگەری لەسەر هەڵاوسان و سیاسەتی دراو و سەقامگیری دارایی هەیە. ئەمەش وایکردووە چەند وڵاتێکی عەرەبی چوارچێوەیەک بۆ چاودێریکردنی نرخی جۆرە جیاوازەکانی خانووبەرە، وەک بینای نیشتەجێبوون و بازرگانی و زەوی دیار بکەن لە ڕێگای هەژمارکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە.

بۆ هاو ئاراستەبوون لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) کاری هاوبەش دەکەن بۆ پەرەپێدانی ئاماری هەمەلایەنە لە عێراق. ئەم هاوکارییە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێک لەسەر ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی و شوێنی نیشتەجێبوون (خانوو و شوقە) لە سەر بنەمای کێشی ساڵی 2021. جێگای ئاماژەکردنە کە ژمارەی پێوانەیی پەیوەست بە خانووبەرە بۆ یەکەمجار لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێت.

## ئامانجی ڕووپێو

1. چاودێریکردنی نرخی جۆرە جیاوازەکانی خانووبەرە بە تێپەڕبوونی کات،
2. دیارکردنی بەهای خانووبەرە وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی چالاکییەکانی وەبەرهێنان لە ئابووریدا،
3. سوودوەرگرتن لە ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە بۆ پێشبینی کردنی گەشەی ئابووری,
4. سوودوەرگرتن لە ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە بۆ بەکارهێنان لە سیاسەتی دراودا، بەتایبەتی لە کاتی جێبەجێکردنی سیاسەتی بە ئامانجکردنی هەڵاوسان،
5. سوودوەرگرتن لە ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە بۆ خەمڵاندنی بەهای خانووەکان وەک بەشێک لە پێوانەکردنی سامان،
6. نیشاندانی هێز و سەقامگیری دارایی و هەڵسەنگاندنی مەترسی لە سەر بازاڕ,
7. کەمکردنەوەی کاریگەری نرخی خانووبەرە لە سەر ژمێریاری نەتەوەیی,
8. یارمەتیدانی بەکاربەران لە بڕیاردان لەسەر کڕین یان فرۆشتنی خانووبەرەکانیان,
9. لەوانەیە لە هەژمارکردنی ژمارەی پێوانەی نرخی بەکاربەر جێگیر بکرێت,
10. بەکارهێنانی ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە لە بەراوردکاری نێودەوڵەتی.

## سەرچاوەی داتا

### میکانیزمی کۆکردنەوەی نرخی خانووبەرە

نرخەکان لە فەرمانگەکانی خانووبەرە کۆدەکرێنەوە. لە سەرجەم شوێنە ئیدارییە هەڵبژێردراوەکانەوە سەردانی سێ فەرمانگەی خانووبەرە دەکرێت. داتاکان لەسەر ئاستی قەزای ناوەندی و گەورەترین قەزا لەڕووی ژمارەی دانیشتووان و لە ڕووی هەمەچەشنی لە جۆری سەروەت و سامان ( زەوی ، خانوو، شوقە) و ئاستەکانی ژیان (نزم, مامناوەند, بەرز) کۆدەکرێنەوە. نرخی زەوییە سپییەکان (چۆڵەکان) لەسەر سێ ئاستی ژیان (بەرز و مامناوەند و نزم) بە ڕووبەری جیاواز کە بەسەر 11 ڕووبەری جیاواز پۆلێنکراوون کۆ دەکرێتەوە. هەروەها نرخی خانووش بەهەمان شێوەی زەوی بۆ هەمان ئاستی ژیان و ڕووبەر کۆدەکرێتەوە. کۆکردنەوەی داتا بۆ ئەو خانووانە کە پێش ساڵی 1990 و ئەوانەی پاش ساڵی 1990 دروست کراون ئەنجام دەدرێت. کۆکردنەوەی نرخی شوقەش بە هەمان میکانیزمی کۆکردنەوەی خانووەکان دەبێت بەڵام بۆ حەوت ڕووبەری جیاواز.

نمونەکە لە فەرمانگەکانی خانووبەرە هەڵبژێردرا کە نوێنەرایەتی هەموو یەکە کارگێڕییەکان دەکات بەپێی کۆمەڵێک گۆڕاو، وەک بەهای مۆڵك، ڕووبەر، جۆری کەرتەکە (نیشتەجێبوون/بازرگانی/کشتوکاڵی)، و جۆری مۆڵك لە کەرتەکەدا (پارچەی زەوی نیشتەجێبوون/بینای نیشتەجێبوون/ڤیلا/شووقە/خانوو/پارچە زەوی بازرگانی/ بینای بازرگانی/ پێشانگە/ دوکان/ ناوەندی بازرگانی/ زەوی کشتوکاڵ) و شوێنی جوگرافیای مۆڵك (ناوچە/شار/ گەڕەک)، کە ئامانجەکانی پرۆسەی هەژمارکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە لە کەرتە جیاوازەکاندا بەدەست دەهێنێت و لەسەر بنەمای نیوەی ساڵ هەژمار دەکرێت.

## چەمك و پێناسەكان

**ژمارەی پێوانەیی:** ژمارەی پێوانەیی وەک ژمارەیەکی رێژەییە کە گۆڕانکاری لە گۆڕاوێکدا یان چەند گۆڕاوێکدا دەپێوێت و یەکسانە بە رێژەی نرخی ئیستای گۆڕاوێک بە نرخەکەی لە ماوەی پایەدا ، کە زۆرجار بە رێژەی سەدی هەژماردەکرێت.

**ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە:** ئامرازێکی ئامارییە بۆ پێوانەکردنی گۆڕانی رێژەیی نرخی خانووبەرە لە نێوان دوو کاتی جیاوازدا.

**گرنگی رێژەیی خانووبورە :** بریتییە لە رێژەی کۆی بەهای مامەڵەکان بۆ جۆرێکی دیاریکراوی خانووبەرە بە کۆی بەهای مامەڵەکان بۆ هەموو جۆرەکانی خانووبەرە لە ساڵی پایەدا.

**ساڵی پایە:** ئەو ساڵە یان ماوەیەیە کە وەک خاڵێکی دیارکراو بەکاردەهێنرێت بۆ بەراوردکردنی نرخەکان لە ساڵان یان ماوەکانی تردا. لە کاتی هەڵبژاردنی ساڵی پایە, گرنگە دڵنیا بین لەوەی کە ساڵێکی ئاسایی و سەقامگیرە و دوور بێت لە ڕووداو و بارودۆخی لەناکاو وەک قەیرانی ئابووری و شەڕ. سەرەڕای ئەمەش، ساڵی پایە دەبێت تاڕادەیەک نزیک بێت لە ماوەی بەراوردکردن بۆ پاراستنی پەیوەندی و وردی.

**ساڵی جۆڵاو :** ئەو ساڵەیە کە بەراوردکاری لە نێوان دوو نیوەکەیدا دەکرێت کە بە بنەمای جولاّو ناسراوە. واتە نیوەی دووەمی ساڵێک بە بەراورد لەگەڵ نیوەی یەکەمی هەمان ساڵ، هەروەها بەراوردکردنی لەگەڵ ساڵی پێشوو. ئەمەش بەو واتەیە دێت کە ساڵ هەم لەناو خۆیدا و هەم لەناو ساڵانی پێشوودا لە جوڵەدایە.

ئەم ڕووپێوە پشت بە ساڵی 2020 دەبەستێت وەک ساڵی پایە، کە تێیدا ڕووپێوەکە بۆ یەکەمجار ئەنجامدراوە. نیوەی دووەمی ساڵی 2020 هەڵبژێردراوە وەک ساڵی پایە.

## هەژمارکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە

بۆ هەژمارکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە, ئەم هاوکێشانەی خوارەوە بەکارهاتوونە:

1. شێوازی جیڤۆنس ( J e v o n s ): شێوازی جیڤۆنس بۆ ئاستی سەرەتایی (گرۆپی خوارەوەی کاڵا و بابەتەکان) و کۆرت ماوە (ماوەی سێ مانگی) بەکار دێت. داتاکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی دیاریکراو لە یەکەم سەردانکردندا کۆکراینەتەوە.
2. شێوازی لاسپێرێس ( L a s p e y r e s ): بۆ هەژمارکردنی ئاستە بەرزەکان (گرۆپی سەرەکی کاڵا و بابەتەکان) بەکاردێت. کێشەکان لە ساڵی 2021 دیارکراوون.

## پۆلێنی ئاماری

پۆلێنکردن وەک کۆمەڵێک دەستەی پەیوەندیدار پێناسە دەکرێت کە بەکاردەهێنرێن بۆ گروپکردنی داتاکان لەسەر بنەمای لەیەکچوون. پۆلێنکردن بنەمایەکە بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاری لە بوارە ئامارییە جیاوازەکاندا، وەک: چالاکیی ئابووری، بەرهەمهێنان، خەرجییەکان، کار، تەندروستی و هتد. پۆلێنکردن, داتا و زانیاریەکان لە دەستەیەکی مانادار کۆدەکرێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئاماری بەسوود. پێویستە کۆکردنەوەی زانیارییەکان ورد و سیستماتیکی بێت و بەپێی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانیان ڕێکبخرێن بۆ ئەوەی ئامارەکان جێی متمانە بن و بتوانرێت بەراورد بکرێن. بۆ کۆکردنەوەی نرخی خانووبەرە, خانووبەرە بۆ سێ کەرتی سەرەکی پۆلێنکران کە بریتین لە:

**کەرتی نیشتەجێبوون**: پێکدێت لە پارچە زەوییەکی نیشتەجێبوون، بینای نیشتەجێبوون (ڤێلا، شوقە، یان خانوو).

**کەرتی بازرگانی**: پێکدێت لە پارچە زەوییەکی بازرگانی، بینایەکی بازرگانی، پێشانگە (دوکان)، یان ناوەندێکی بازرگانی.

**کەرتی کشتوکاڵ**: پێکدێت لە زەوییە کشتوکاڵییەکان.

**تێبینی**: ئەم ڕووپێوە تەنها کەرتی نیشتەجێبوون دەگرێتەوە.


## کێشکردن (گرنگی ڕێژەیی)

کێشەکان بە پشتبەستن بە بەهای مامەڵەی خانووبەرە بۆ هەریەک لەو پۆلێنانەی (زەوی, خانوو, شوقە)  کە ژمارەی پێوانەیی پێکدەهێنن لە هەر پارێزگایەك لە ساڵی پایەدا دیارکراون. پۆلێنەکە بە شێوەی خوارەوەیە.




ئاست :

- بەرز
- ناوەند
- نزم





هەرئاستێك پێکدێت لە :

- زەوی
- کەرتی نیشتەجێبوون (خانوو, شوقە)


هەر پۆلێنێك لە 11 کۆمەڵەی ڕووبەری جیاواز پێکدێت (50- 75م²       ,
100 – 75م² ... )

## پوشتی ڕووپێو


**شوێنی ڕووپێو:** ڕووپێوی ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە هەندێک ناوچەی ئیداری هەرێم دەگرێتەوە بە  شێوەی خوارەوە دابەش کراوە:



**کاتی ڕووپێو :** نیوەی یەکەم و دووەمی ساڵ وەك وێنەی خوارەوە :




پێکهاتەی ڕووپێوەکە: لە ژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاری و پۆلێنکردنانەی کە لە لایەن بەشی زەوی و ڕووپێوەوە پەسەندکراون، پێکهاتەی خوارەوە بەکار هاتووە بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوی ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستاندا.




دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەم ڕووپێوە بە شێوەی PDF لە ماڵپەڕی فەرمی خۆی و پلاتفۆرمە جۆراوجۆرەکانی سۆشیال میدیا بڵاودەکاتەوە بۆ دەستپێگەیشتنی هەموو بەکارهێنەران و ئەوانەی ئارەزووی نرخی خانووبەرەن.

## دەرەنجامەکان


شیکردنەوەی پێوەری **نرخی زەوی** لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021 ***بە پێی ساڵی پایە*** (نیوەی دووەمی ساڵی 2020)

بە پێی ساڵی پایە (نیوەی دووەمی ساڵی 2020)، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان 112.2 بووە.

لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی گەیشتە 111 و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2020 (ساڵی پایە) بە ڕێژەی 11.0% زیادی کردووە.

لە نیوەی دووەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی گەیشتە 113.4 و بە ڕێژەی 2.2% بەرزبوونەوە نیشان دەدات بە بەراورد بە ساڵی پایە (نیوەی دووەمی ساڵی 2020) .

*هێلکاری 1: ئاراستەی ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە ساڵی پایە*



ژمارەی پێوانەیی ***نرخی زەوی*** لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021 ***بە پێی ساڵی پایە*** (نیوەی دووەمی ساڵی 2020)

پارێزگای هەولێر

بە پێی ساڵی پایە (نیوەی یەکەمی 2020), پێوەری نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021 لە پارێزگای هەولێر 121.7 بووە.

بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە هەولێر 117.6 بووە کە بە بەراورد بە ساڵی پایە (نیوەی دووەمی ساڵی 2020) بەڕێژەی 17.6% زیادی کردووە.

بۆ نیوەی دووەم، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی گەیشتە 125.9 کە بە ڕێژەی 7.1% بەرزبوونەوە نیشان دەدات بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021.

پارێزگای سلێمانی

بە پێی ساڵی پایە (نیوەی دووەمی ساڵی 2020)، لە ساڵی 2021, ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە پارێزگای سلێمانی 115.6 بووە.

بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە سلێمانی 115.7 بووە کە بە ڕێژەی 15.7% زیادبوونی بە خۆوە بینیوە بە بەراورد بە ساڵی پایە (نیوەی دووەمی ساڵی 2020).

بۆ نیوەی دووەمی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی گەیشتە 115.5 و بە ڕێژەی 0.2% دابەزیوە بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021.

پارێزگای دهۆک

بە پێی ساڵی پایە (نیوەی دووەمی ساڵی 2020)، لە ساڵی 2021, ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە پارێزگای دهۆک 99.2 بووە.

بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە دهۆک 99.7 بووە و بە بەراورد بە ماوەی پایە (نیوەی دووەمی ساڵی 2020) بەڕێژەی 0.3% دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە.

بۆ نیوەی دووەم، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە دهۆک گەیشتە 98.7 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 بە ڕێژەی 1.0% دابەزیوە.

*خشتەی 1: ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 بە پێی ساڵی پایە لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق*

| پارێزگا | نیوەی یەکەم 2021 | نیوەی دووەم 2020 | ڕێژەی گۆڕان % |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 117.6 | 100 | 17.6 |
| سلێمانی | 115.7 | 100 | 15.7 |
| دهۆك | 99.7 | 100 | - 0.3 |
| هەرێمی کوردستان | 111 | 100 | 11 |
| پارێزگاکانی ناوەڕاست | 110.5 | 100 | 10.5 |
| پارێزگاکانی باشور | 101.2 | 100 | 1.2 |
| عێراق | 106 | 100 | 6 |

*خشتەی 2: ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بە پێی ساڵی پایە لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق*

| پارێزگا | نیوەی دووەم 2021 | نیوەی یەکەم 2021 | ڕێژەی گۆڕان % |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 125.9 | 117.6 | 7.1 |
| سلێمانی | 115.5 | 115.7 | -0.2 |
| دهۆك | 98.7 | 99.7 | -1 |
| هەرێمی کوردستان | 113.4 | 111 | 2.2 |
| پارێزگاکانی ناوەڕاست | 112.4 | 110.5 | 1.7 |
| پارێزگاکانی باشور | 102.4 | 101.2 | 1.2 |
| عێراق | 107.6 | 106 | 1.5 |

*خشتەی 3: ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بە پێی ساڵی پایە لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق*

| پارێزگا | 2021 |
|---|---|
| هەولێر | 121.7 |
| سلێمانی | 115.6 |
| دهۆك | 99.2 |
| هەرێمی کوردستان | 112.2 |
| پارێزگاکانی ناوەڕاست | 111.4 |
| پارێزگاکانی باشور | 101.8 |
| عێراق | 106.8 |


ژمارەی پێوانەی نرخی **کەرتی نیشتەجێبوون** لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021 ***بە پێی ساڵی پایە*** (نیوەی دووەمی ساڵی 2020)

بەپێی ساڵی پایە (نیوەی دووەمی ساڵی 2020)، لە ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان 114.5 بووە.

بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان 113.2 بووە و بە بەراورد بە ساڵی پایە (نیوەی دووەمی ساڵی 2020) بەرێژەی 13.2% زیادی کردووە.

بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون گەیشتە 115.9 و بە ڕێژەی 2.4% بەرزبوونەوە نیشان دەدات بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021.

*هێلکاری 2: ئاراستەی ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە ساڵی پایە*



ژمارەی پێوانەیی ***نرخی شوێنی نیشتەجێبوون*** لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021 ***بە پێی ساڵی پایە*** (نیوەی دووەمی ساڵی 2020)

## پارێزگای هەولێر

ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای هەولێر لە ساڵی 2021 بە پێی ساڵی پایە (نیوەی دووەمی ساڵی 2020) گەیشتە 124.1.

بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای هەولێر گەیشتە 123.2 و بە بەراورد بە ساڵی پایە بە ڕێژەی 23.2% بەرزبوونەوە نیشان دەدات.

لە نیوەی دووەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای هەولێر 124.9 بووە و بە بەراورد بە ساڵی پایە (نیوەی دووەمی ساڵی 2020) بە ڕێژەی 1.4% زیادبوون نیشان دەدات.

## پارێزگای سلێمانی

ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵی 2021 بە پێی ساڵی پایە (نیوەی دووەمی ساڵی 2020) 115.6 بووە.

بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، لە پارێزگای سلێمانی، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون 116.1 تۆمارکردووە و بەراورد بە ماوەی پایە 16.1% زیادی کردووە.

بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای سلێمانی گەیشتە 115.0 و بە بەراورد بە ساڵی پایە (نیوەی دووەمی ساڵی 2020) بە ڕێژەی 0.9% دابەزینی بەخۆیەوە بینی.

## پارێزگای دهۆك

بە پێی ساڵی پایە (نیوەی دووەمی ساڵی 2020)، لە ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای دهۆک 104.0 بووە.

بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی لە پارێزگای دهۆک گەیشتە 100.4 و بە بەراورد بە ساڵی پایە (نیوەی دووەمی ساڵی 2020) بە ڕێژەی 0.4% بەرزبوونەوە نیشان دەدات.

لە نیوەی دووەمی ساڵی 2020، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون گەیشتە 107.7 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 بە ڕێژەی 7.3% زیادی کردووە.

*خشتەی 4: ژمارەی پێوانەیی نرخی کەرتی نیشتەجێبوون بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 بە پێی ساڵی پایە لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق*

| پارێزگا | نیوەی یەکەم 2021 | نیوەی دووەم 2020 | ڕێژەی گۆڕان% |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 123.2 | 100 | 23.2 |
| سلێمانی | 116.1 | 100 | 16.1 |
| دهۆک | 100.4 | 100 | 0.4 |
| هەرێمی کوردستان | 113.2 | 100 | 13.2 |
| پارێزگاکانی ناوەڕاست | 108.8 | 100 | 8.8 |
| پارێزگاکانی باشور | 100.7 | 100 | 0.7 |
| عێراق | 105.5 | 100 | 5.5 |

*خشتەی 5: ژمارەی پێوانەیی نرخی کەرتی نیشتەجێبوون بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بە پێی ساڵی پایە لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق*

| پارێزگا | نیوەی دووەم 2021 | نیوەی یەکەم 2021 | ڕێژەی گۆڕان% |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 124.9 | 123.2 | 1.4 |
| سلێمانی | 115 | 116.1 | -0.9 |
| دهۆک | 107.7 | 100.4 | 7.3 |
| هەرێمی کوردستان | 115.9 | 113.2 | 2.4 |
| پارێزگاکانی ناوەڕاست | 109.9 | 108.8 | 1 |
| پارێزگاکانی باشور | 102.1 | 100.7 | 1.4 |
| عێراق | 107 | 105.5 | 1.4 |

*خشتەی 6: ژمارەی پێوانەیی نرخی کەرتی نیشتەجێبوون بۆ ساڵی 2021 بە پێی ساڵی پایە لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق*

| پارێزگا | 2021 |
|---|---|
| هەولێر | 124.1 |
| سلێمانی | 115.6 |
| دهۆك | 104.0 |
| هەرێمی کوردستان | 114.5 |
| پارێزگاکانی ناوەڕاست | 109.3 |
| پارێزگاکانی باشور | 101.4 |
| عێراق | 106.2 |


## شیکردنەوەی ژمارەی پێوانەیی **نرخی زەوی** لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021 لەسەر بنەمای **جۆلاو**

بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، بە پێی بنەمای جۆلاو (period-on-period bases), ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان گەیشتە 111.0 و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2020 بەرزبوونەوەی 11.0%ی نیشانداوە.

بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021، بە پێی بنەمای جۆلاو, ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی گەیشتە 101.9 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 بە ڕێژەی 8.2% دابەزیوە.

کۆی ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 گەیشتە 106.4.

*هێلکاری 3: ئاراستەی ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای جۆلاو*



## ژمارەی پێوانەیی ***نرخی زەوی*** لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 لەسەر ***بنەمای جۆڵاو***

### پارێزگای هەولێر

لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە پارێزگای هەولێر 117.6 بووە و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2020 بە ڕێژەی 17.6 بەرزبووەتەوە.

لە نیوەی دووەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لەسەر بنەمای جۆڵاو گەیشتە 106.9 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 بە ڕێژەی 9.1% دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە.

بە گشتی، لەسەر بنەمای جۆڵاو، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە ساڵی 2021 لە پارێزگای هەولێر 112.2ی تۆمارکردووە.

### پارێزگای سلێمانی

لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە پارێزگای سلێمانی 115.7 بووە و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2020  بە ڕێژەی15.7 بەرزبووەتەوە.

لە نیوەی دووەمی ساڵی 2021، بە پێی بنەمای جۆڵاو، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی گەیشتە 99.8 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 بە ڕێژەی 13.7% دابەزینی بەخۆیەوە بینی.

بەگشتی، لەسەر بنەمای جۆڵاو، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە ساڵی 2021  لە پارێزگای سلێمانی 112.2ی تۆمارکردووە.

### پارێزگای دهۆك

بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە پارێزگای دهۆک گەیشتە 99.7 و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2020 بە ڕێژەی 0.3 دابەزیوە.

بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021، لەسەر بنەمای جۆڵاو، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە پارێزگای دهۆک گەیشتە 99.0 کە بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 بە ڕێژەی 0.7% دابەزینی بەخۆیەوە بینی.

لەسەر بنەمای جۆڵاو, کۆی گشتی ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە پارێزگای دهۆک لە ساڵی 2021 بووە بە 99.4.

*خشتەی 7: ژمارەی پێوانەی نرخی زەوی لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەپێی پارێزگاکان*

| پارێزگا | نیوەی دووەمی 2021 | نیوەی یەکەمی 2021 | ڕێژەی گۆڕان% |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 117.6 | 100.0 | 17.6 |
| سلێمانی | 115.7 | 100.0 | 15.7 |
| دهۆك | 99.7 | 100.0 | -0.3 |
| هەرێمی کوردستان | 111.0 | 100.0 | 11.0 |
| پارێزگاکانی ناوەڕاست | 110.5 | 100.0 | 10.5 |
| پارێزگاکانی باشور | 101.2 | 100.0 | 1.2 |
| عێراق | 106.0 | 100.0 | 6.0 |

*خشتەی 8: ژمارەی پێوانەی نرخی زەوی لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021 لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەپێی پارێزگاکان*

| پارێزگا | نیوەی دووەمی 2021 | نیوەی یەکەمی 2021 | ڕێژەی گۆڕان% |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 106.9 | 117.6 | -9.1 |
| سلێمانی | 99.8 | 115.7 | -13.7 |
| دهۆك | 99.0 | 99.7 | -0.7 |
| هەرێمی کوردستان | 101.9 | 111.0 | -8.2 |
| پارێزگاکانی ناوەڕاست | 101.9 | 110.5 | -7.8 |
| پارێزگاکانی باشور | 101.1 | 101.2 | -0.1 |
| عێراق | 101.5 | 106.0 | -4.2 |

*خشتەی 9: ژمارەی پێوانەیی ساڵانەی نرخی زەوی لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ ساڵی 2021 لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەپێی پارێزگاکان*

| پارێزگا | ساڵی 2021 |
|---|---|
| سلێمانی | 107.5 |
| هەولێر | 112.2 |
| دهۆك | 99.4 |
| هەرێمی کوردستان | 106.4 |
| پارێزگاکانی ناوەڕاست | 106.1 |
| پارێزگاکانی باشور | 101.1 |
| عێراق | 103.7 |


## ژمارەی پێوانەیی نرخی ***شوێنی نیشتەجێبوون*** لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 لەسەر ***بنەمای جۆڵاو***

لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، لەسەر بنەمای جۆڵاو ( r ol l i ng bas e s)، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان گەیشتە 113.2 و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2020 بەڕێژەی 13.2% زیادی کردووە.

لە نیوەی دووەمی ساڵی 2021، لەسەر بنەمای جۆڵاو, ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون گەیشتە 102.4 و بە ڕێژەی 9.5% دابەزین نیشان دەدات بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021.

کۆی گشتی  ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای جۆڵاو لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 بووە بە 107.7.

*هێلکاری 4: ئاراستەی ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای جۆڵاو*



ژمارەی پێوانەیی ***نرخی شوێنی نیشتەجێبوون*** لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 لەسەر ***بنەمای جۆڵاو***

پارێزگای هەولێر

لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای هەولێر گەیشتە 123.2 و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2020 بە ڕێژەی 23.2% بەرزبووەتەوە.

لە نیوەی دووەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای جۆڵاو لە پارێزگای هەولێر گەیشتە 101.4 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 بەڕێژەی 17.7% دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە.

بەگشتی، لەسەر بنەمای جۆڵاو، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە ساڵی 2021 لە پارێزگای هەولێر 111.8 بووە.

پارێزگای سلێمانی

لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای سلێمانی 116.1ی تۆمارکردووە کە بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2020 بە ڕێژەی 16.1% زیادیکردووە.

بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021، لەسەر بنەمای جۆڵاو، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون گەیشتە 98.5 کە بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 بە ڕێژەی 15.2% دابەزینی بەخۆیەوە بینی.

بە گشتی، لەسەر بنەمای جۆڵاو ، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵی 2021 گەیشتە 106.9.

پارێزگای دهۆك

لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای دهۆک گەیشتە 100.4 کە بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2020 بەڕێژەی 0.4% زیادی کردووە.

بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021، لەسەر بنەمای جۆڵاو، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای دهۆک گەیشتە 107.2 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 بەڕێژەی 6.8% بەرز بۆتەوە.

لەسەر بنەمای جۆڵاو، کۆی گشتی ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای دهۆک لە ساڵی 2021 گەیشتە 103.7.

*خشتەی 10: ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەپێی پارێزگاکان*

| پارێزگا | نیوەی یەکەم 2021 | نیوەی دووەم 2020 | ڕێژەی گۆڕان % |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 123.2 | 100.0 | 23.2 |
| سلێمانی | 116.1 | 100.0 | 16.1 |
| دهۆک | 100.4 | 100.0 | 0.4 |
| هەرێمی کوردستان | 113.2 | 100.0 | 13.2 |
| پارێزگاکانی ناوەند | 108.9 | 100.0 | 8.9 |
| پارێزگاکانی باشو | 100.7 | 100.0 | 0.7 |
| عێراق | 105.5 | 100.0 | 5.5 |

*خشتەی 11: ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2021 لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەپێی پارێزگاکان*

| پارێزگا | نیوەی دووەمی 2021 | نیوەی یەکەمی 2021 | ڕێژەی گۆڕان% |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 101.4 | 123.2 | -17.7 |
| سلێمانی | 98.5 | 116.1 | -15.2 |
| دهۆک | 107.2 | 100.4 | 6.8 |
| هەرێمی کوردستان | 102.4 | 113.2 | -9.5 |
| پارێزگاکانی ناوەڕاست | 101.0 | 108.9 | -7.3 |
| پارێزگاکانی باشور | 101.2 | 100.7 | 0.5 |
| عێراق | 101.4 | 105.5 | -3.9 |

*خشتەی 12: ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە ساڵی 2021 بە پێی بنەمای جۆڵاو*

| پارێزگا | ساڵی 2021 |
|---|---|
| هەولێر | 111.8 |
| سلێمانی | 106.9 |
| دهۆك | 103.7 |
| هەرێمی کوردستان | 107.7 |
| پارێزگاکانی ناوەڕاست | 104.9 |
| پارێزگاکانی باشور | 100.9 |
| عێراق | 103.4 |

وەزارەتی پلاندانان - دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
*www.krso.gov.krd*